
## سەرۆکایەتی کۆمار: پشتیوانی تەواوی ئەو ڕێوشوێنانە دەکەین کە حکومەت گرتوویەتیەبەر بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری



سەرۆکایەتی کۆمار پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ ئەو ڕێوشوێنانە ڕادەگەیەنێت کە حکومەت گرتوویەتیەبەر بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و ڕێگریکردن لەو کارە نایاساییانەی کە نێردە دیپلۆماسییەکان و دامەزراوە حکومییەکان و سەقامگیری وڵات دەکەنە ئامانج و سەروەری عێراق پێشێل دەکەن و وێنەی لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەشێوێنن.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لەروونکردنەوەیەکدا بڵاویکردەوە سەرۆکایەتی کۆمار پشتیوانی خۆی بۆ ئەو ڕێوشوێن و پلانە ئەمنییانەی ئەم دواییەی حکومەت ڕادەگەیەنێت لە نێوانیشیاندا سزادانی ئەو هێزە ئەمنییانەی کە بەرپرسن لە پاراستنی ئاسایش لەو ناوچەیەی کە ڕوداوەکەی تێدا ئەنجامدراوە.

شایەنی باسە ئەو فەوجەی سەرۆکایەتی کە ناوی هاتوە، هەر لە ساڵی 2015 لەژێر فەرمانەکانی لیوای ٣ ی پۆلیسی فیدراڵدایە .